# پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر شەو هەستایە بۆ شەونوێژکردن تەکبیرەی دەکرد، پاشان دەیفەرموو: ( سبحانك اللهم وبحمدك وتبارك اسمك، وتعالى جدك، ولا إله غيرك )

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر شەو هەستایە بۆ شەونوێژکردن تەکبیرەی دەکرد (دەیووت: الله أكبر)، پاشان دەیفەرموو: «(سبحانك اللهم وبحمدك وتبارك اسمك، وتعالى جدك، ولا إله غيرك)*»، وپاشان دەیفەرموو: «(لا إله إلا الله)**» سێ جار، پاشان دەیفەرموو: «(الله أكبر كبيرا)^» سێ جار، و «(أعُوذُ بالله السَّميع العليم من الشَّيطان الرَّجيم من هَمْزِه، ونَفْخِه، ونَفْثِه)^^»، پاشان (قورئانی) دەخوێند. *(واتە: ئەی خودایە پاک وبێگەردی بۆ تۆ، وحەمد وسوپاس بۆ تۆ، ناوت بەرز وپیرۆزە، بەرز وبڵندە مەزنیت، وهیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە شایەنی پەرستن بێت جگە لە تۆ)، **(واتە: هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە شایەنی پەرستن بێت جگە لە خوای گەورە -الله-)، ^(واتە: خوای گەورە لە هەموو شت وکەسێک مەزن وگەورەترە)، ^^(واتە: پەنا بە خوای گەورە دەکرد کە بیسەر وزانایە لە شەیتانی نەفرینلێکراو لە مەس وئازاری شەیتان، و وەسوەسەی شەیتان، وسیحرکردنی)

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: (پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر شەو هەستایە بۆ شەونوێژکردن تەکبیرەی دەکرد -دەیووت: الله أكبر-): ئەمیش پێی دەووترێت: -تەکبیرەی ئیحرام-، پایەیەکە لە پایەکانی نوێژکردن بە بێ ووتنی ئەم تەکبیرە نوێژکردن دروست نییە. (پاشان دەیفەرموو: سبحانك اللهم:ئەی خودایە پاک وبێگەردی بۆ تۆ): واتا خوای گەورە من تۆ بە پاک وبێگەرد دادەنێم ودوور وبەریئیت لە هەموو کەموکورتیەک وهەروەها شتێک کە شایستەی مەزنی وشکۆداری تۆ نەبێت، وئەوەی تۆ شایستەت لە پاک وبێگەردی لە هەموو عەیب وکەموکورتیەک. (وبحمدك:وحەمد وسوپاس بۆ تۆ): ستایشکردنی خوای گەورە وسوپاسکردنێتی لەسەر ئەوەی بەندەی سەرکەوتوو کردووە، واتا: ئەگەر ئەم سەرکەوتن وهیدایەتە نەبووایە لە لایەن تۆوە ئەی خوای گەورە؛ نەمدەتوانی تەسبیحات وزیکری تۆ بکەم، ئەمیش ملکەچی ودانپێدانانی بەندەیە بە فەزڵی خوای گەورە ولاوازی بەندە. (وتبارك اسمك:ناوت بەرز وپیرۆزە): پیرۆز و بە بەرەکەتە ناوت، ئەمیش واتا زۆری وفراوانی، وبەرەکەتەکانی خوای گەورە زۆرن لە ئاسمانەکان وزەوی، هەموو ئەمانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی خوای گەورە خاوەن ومولْکی هەموو خێر وبەخشینێکە بە بوونەوەرەکان. (وتعالى جدك:بەرز وبڵندە مەزنیت): واتا مەزنی تۆ بەرز وبڵندە، ولە سەرووی هەموو مەزنیەکە، ودەسەڵاتی تۆ لە سەرووی هەموو دەسەڵاتێکەوەیە، بۆیە بەرز وبڵندە خوای گەورە لەوەی هاوبەش وشەریکی هەبێت لە موڵکیدا یان پەروەردگارێتیدا یان پەرستنیدا -ئولوهیەتدا:خودایەتیدا-، یان هاوبەشی هەبێت لە شتێک لە ناو وسیفاتە جوانەکانیدا، بۆیە لە پاش ئەمە فەرمووی:(ولا إله غيرك:وهیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە شایەنی پەرستن بێت جگە لە تۆ): واتا تەنها تۆ شایستە وشایەنی پەرستنیت، وهیچ شەریک وهاوبەشێکت نییە لە پەرستندا ولە ناو وسیفاتە جوانەکانتدا، و بەهۆی ئەو نیعمەتە زۆر وفراوانانەی کە بەخشیووتە، دەستپێکردنی نوێژ بە ئەم زیکرە ستایشکردنی خوای گەورەیە ودانپێدانانە بە پاک وبێگەردی لە هەموو شتێک کە شایسەی نەبێت، وخوای گەورە دوور وبەریئە لە هەموو عەیب وکەموکورتیەک، ئەم زیکرە پێی دەووترێت: -دعاء الاستفتاح- واتا: -نزای دەستپێکردنی نوێژکردن- لەم بابەتەدا وباشتر وایە ئەم نزایە بخوێنێت هەندێک جار ونزاکانی تریش بخوێنێت، هەتاوەکو بەڵگەکانی سونەت کۆ بکاتەوە بە بێ پشتگوێ خستنی هیچیان. ولەو شێوازانەش سێ جار بڵێت: (لا إله إلا الله)*، خوای گەورە دەفەرموێت: {ذَلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ هُوَ الْحَقُّ وَأَنَّ مَا يَدْعُونَ مِنْ دُونِهِ هُوَ الْبَاطِلُ} [الحج: 62] واتە:{ئەمە لەبەر ئەوەیە بەڕاستی هەر خوا هەق و ڕاستە وە بێگومان ئەوەی جگە لە خودا هاواری لێ دەکەن (ودەیپەرستن) هەر ئەو بەتاڵ و ناڕاستە}. پاشان

سێ جار دەڵێت: «(الله أكبر كبيرا)**: واتا خوای گەورە -سبحانه وتعالى- گەورەترە لە هەموو شتێک. لە پاش ئەوەی نوێژکردن دەستپێدەکات پەنا بە خوای گەورە دەگرێت لە شەیتانی نەفرینلێکراو ئەمیش بەووتنی: (أَعُوذُ بالله السَّميع العليم:پەنا بە خوای گەورە دەگرم کە بیسەر وزانایە): واتا داوای یارمەتی وپەناگرتن وپاراستن لە خوای گەورە دەکەم کە -السَّميع- بیسەر و-العليم- بینایە؛ ئەمانە ناوی خوای گەورەن لە هەمان کاتدا سیفەتی خوای گەورەن. (من الشَّيطان: لە شەیتان): لە شەیتانی ملهوڕ و لەسنوور دەرچوو لە جنۆکە ومرۆڤە شەیتانەکان. (الرَّجيم:نەفرینلێکراو): دوورخراوە لە ڕەحمەتی خوای گەورە، خوای گەورە زاڵی مەکە بەسەرمدا کە زیانم پێبگەیەنێت لە دینداری ودونیامدا، وڕێگریم لێنەکات لە ئەنجامدانی ئەو کردەوانەی کە سوودم پێدەگەیەنێت لە دینداری ودونیامدا، هەرکەسێک پەنا بە خوای گەورە بگرێت؛ ئەوا پەنای گرتووە بە پەروەردگارێکی مەزن وبەهێز و بەتوانا وخاوەن هەموودەسەڵاتێک لەو دوژمنەی کە دەیەوێت لە پەروەردگاری دووری بخاتەوە وپەیوەندی نێوان ئەو وپەروەردگاری بپچڕێنێت، وبیخاتە نێو تاریکایی شەڕ وتاوان وهەموو تیاچوونێک. (من هَمْزِه:لە مەس وئازاری شەیتان): ئەمیش بریتیە لە مەس وشێت بوون کە تووشی مرۆڤ دەبێتە ولەوەیە مرۆڤ تووشی تێکچوون وشێت بوونی بکات بۆیە دروستە پەنا بە خوای گەورە بگیرێت لە ئازاردانی شەیتان کە دەبێتە هۆی مەس وتێکچوون لە مرۆڤدا. (ونَفْخِه:و وەسوەسەی شەیتان): واتا خۆبەگەورەزانین؛ کە فوو بە مرۆڤ دەکات بۆئەوەی خۆی بە گەورە بزانێت لە ڕێگەی وەسوەسە کردنەوە، بۆیە لە چاوی خۆیدا؛ خۆی بە گەورە دادەنێت، وکەسانی تر بە بچووک وکەم دادەنێت، ئەمیش دەبێتە هۆی ئەوەی خۆبەگەورەزانینی زیاتر بێت کە ئەمەیە مەبەستی شەیتان. (ونَفْثِه:وسیحرکردنی): شەیتانەکان ساحیرن، ئەوانەی فوو دەکەن بە گرێکاندا شەیتانە ساحیرەکانن لە نێر ومێ، فوو دەکەن بەسەر هەموو گرێیەکدا، بۆئەوەی ئەو سیحرەی دەیانەوێت گرێ بدرێت وجێبەجێ بێت. (پاشان -قورئانی- دەخوێند): واتا سورەتی -الفاتحة- وئەوەندەی گونجاو بووایە قورئانی تری دەخوێند لە پاش سورەتی -الفاتحة-. *(واتە: هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە شایەنی پەرستن بێت (جگە لە خوای گەورە -الله-)، **(واتە: خوای گەورە لە هەموو شت وکەسێک مەزن وگەورەترە

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10905

النجاة الخيرية ALNAJAT CHARITY

لجنة الدعوة الإلكترونية EDC E-Da'wah Committee